## دلبەر جزیری:

# پارەی خواردن و خەرجی ڕۆژانەی خۆمم کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی کلیپێکی جوان بەرهەم بهێنم و بڵاوی بکەمەوە



**خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، دلبەر جزیری، کە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی، بۆ چەند کارێکی هونەری گەڕایەوە باشووری کوردستان و سەرقاڵی ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی هونەرییە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دلبەر جزیری کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** لە نێوان کاری هونەری لێرە و لە ئەورووپا چ جیاوازییەك هەیە؟**

- بێگومان کارکردن و سازکردنی چالاکییە هونەرییەکان بۆ هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا زۆر سەخت و دژوارە، چونکە بەهۆی ئەوەی ژەنیارەکان هەریەکەو لە وڵاتێکەوە هاتوون، کۆبوونەوەیان ئەستمە، لەگەڵ ئەوەشدا خەرجی و پارەیەکی زۆری پێویستە هەتاوەکو کارێکی هونەری ئەنجام دەدەی، دواتر کۆبوونەوەی جەماوەریش لە چالاکییەکاندا زەحمەتە و لە ئەورووپا خەڵك کەمتر کاتی بۆ چالاکییە هونەرییەکان هەیە، ئەمەش وایکردووە کە هونەرمەندانی نیشتەجێی ئەورووپا چالاکییەکانیان کەم ببێتەوە و تەنیا لە بۆنەکانی وەکو نەورۆزو سەری ساڵ و چەند بۆنەیەکی دیکە چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵام لە کوردستان کاری هونەری زۆر ئاسانتر و خۆشترە و ژەنیاری زۆری هەیەو خەڵك زیاتر ئامادەی چالاکییەکان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە پەیوەندارەکانیش گرنگیی زیاتر بە چالاکییە هونەرییەکان و هونەرمەندان دەدەن.

*** کەواتە هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا ناتوانن بە هونەرەکەیان بژین؟**

- باوەڕ بکە، نەك ناتوانن، بەڵکو کارێکی سەخت دەکەن بۆ ئەوەی پارە بۆ کاری هونەری پەیدا بکەن و کارێکی نوێ تۆمار بکەن و بڵاو بکەنەوە، من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی پارەی خۆم وخێزانەکەم لە کاری هونەریدا خەرج دەکەم، بەبێ ئەوەی هیچ داهاتێك لەم ڕێگایەوە کۆ بکەمەوە، ڕەنگە کەم کەس هەبێت باوەڕ بەوە بکات، کە من پارەی خواردن و خەرجی ڕۆژانەی خۆم کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی کلیپێکی جوان بەرهەم بهێنم و بڵاوی بکەمەوە، تاوەکو ئێستا هیچ لایەن و کۆمپانیایەك سپۆنسەری کارەکانی منی نەکردووە و هەموو ئەلبووم و کلیپەکانم لەسەر گیرفانی خۆم جێبەجێ کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هیچ هاوکارییەکیان پێشکەش نەکردم.

*** ئایا هونەرمەندانی وڵاتی ئەڵمانیا لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری دەکرێن؟**

- بەڵێ، بێگومان هونەرمەندانی خەڵکی ئەڵمانیا لەلایەن حکومەتەکەیانەوە زۆر هاوکاری دەکرێن، زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان سپۆنسەری کارەکانیان دەکەن، هونەرمەندانی ئەڵمانیا جگە لە کاری هونەریی خۆیان، وەك ئێمە کاری دیکە ناکەن، هەمموو هزرو بیر و ئەندێشەیان لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆیانە و بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە.

*** ئەگەر بە ئەڵمانی گۆرانی بڵێیت، هاوکاری دەکرێی؟**

- بێگومان هاوکارییەکی زۆریش دەکرێم، بەڵام من لە خەمی کولتوورو فەرهەنگ و میوزیك و گۆرانیی کوردیدام، دەمەوێت کار بۆ هونەری نەتەوەی خۆم بکەم، ڕێژەیەکی زۆری کوردی تاراوگەنیشین هەیە، کە خەریکە فەرهەنگ و زمانی کوردی باب و باپیرانیان لە بیر دەکەن، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی گۆرانی و میوزیکەوە زمانی کوردییان لا شیرین بکەین، بۆیە ئێستا هەمموو فوکوسمان لەسەر زمانی کوردییە، بەتایبەتی دیالیکتی کرمانجی، کە خاوەن فەرهەنگ و بەرهەمێکی زۆری ڕەسەنە، دەکرێت زیاتر گرنگیی پێ بدرێت، من لە ڕێگەی گۆرانییەکانی محەممەد عارف و ئەیاز و شاکرۆ و چەند هونەرمەندیکی دیکەی ناوداری کوردەوە فێری زمانی کوردی بووم، عەشق و خۆشەویستیم بۆ فەرهەنگ و کولتووری کوردی هەبووە، هەر لە منداڵییەوە باوکم لەسەر ئەم گۆرانییانە ئێمەی ڕاهێناوە و هەر ئەم خۆشەویستییەش بوو کە منی خستە سەر ڕێچکەی کاری هونەری، ئێمە لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەرو کورد پەروەر گەورە بووین بۆیە کوردییەکەمان باشە، پێویستە دایك وباوکانیش لەڕێگەی هونەری کوردییەوە زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی بدەن.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی، کە زیاتر گرنگی بە هونەری فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی بدرێت، یان نوێگەریی تێیدا بکرێت؟**

- من لەگەڵ هەردووکیانم، مرۆڤ نابێت کولتوور و فەرهەنگی خۆی لەبیر بکات، بەڵام ناشکرێت لە کاروانی نوێگەری دابڕێت، دەکرێت نوێگەریش بخرێتە خزمەت هونەری کوردی و میوزیك و گۆرانیی پێ دەوڵەمەند بکرێت، بەڵام نابێت ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات، من زۆر بەپێویستی دەزانم کە گۆرانی و میوزیکی ڕەسەنی کوردی وفۆلکلۆر، دووبارە نوژەن بکرێنەوە و کاری ئەکادیمی و هونەریی جوانیان لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی هەم لە زاکیرەی تاکی کورد بەزیندووی بمێنێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کاروانی تەکنەلۆژیا و نوێگەریدا بڕوات.

*** لە سۆشیال میدیادا کە ئێستا خەڵك زۆر چاوی لەسەرە، بەڕێزت زۆر ئەکتیڤ نیت، ئەمە بۆچی** دەگەڕێتەوە؟

- بەڕاستی بەهۆی سەرقاڵیم بەئیش و کارەوە، کەمتر دەتوانم لەسەر سۆشیال میدیادا کار بکەم، من جگە لە کاری هونەری کاری دیکەش دەکەم، بۆیە زۆر کاتم بۆ سۆشیال میدیا نییە، بەڵام جار جارەش وێنە و پۆستی نوێ دەکەم، هەرچەندە ئەوەش دڵم تێر ناکات، هەڵبەتە سۆشیال میدیا زەوق و سەلیقەیەکی تایبەتی دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێکی زۆریشی پێویستە، ڕەنگە لە ئەورووپا ئەو مەجالە نەبێت خەڵك زیاتر سەرقاڵی سۆشیال میدیا بێت، بەڵکو زیاتر بە ئیش و کارەکانیان سەرقاڵن و کاتێکیش دەگەڕێنەوە ماڵەوە ماندوون و هیچ تام و چێژێك لە سۆشیال میدیا ناکەن، بەڵام هەوڵدەدەم لەمەودوا زیاتر گرنگی بەسۆشیال میدیا بدەم.

*** ئامادەی داوای خۆشەویستی لە کوڕێك بکەی؟**

- بەڕاستی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا تاوەکو ئێستا شەرمە کچ داوای خۆشەویستی لە کوڕ بکات، چ جای ئەوەی کچەکە هونەرمەند و ناودار بێت، ئەمە سەخت و دژوارتر دەبێت.

*** مەرجەکانت بۆ شووکردن چین؟**

- من باوەڕم بە قسمەت هەیە، دیارە تاوەکو ئێستا قسمەت نەبووە، مەرجیشم ئەوەیە کە وەك کورد دەڵێت کوڕەکە شیر حەڵاڵ بێت، دڵ گەورە و دڵپاك بێت. ئەو کوڕەی دەبێتە هاوژینم وەکو خۆم باڵای بەرز بێ، بەڵام دواجار باوەڕم زۆر بە قسمەت و نسیبە.



# سایروس و ویلیام لەسەر ئاژەڵ شەڕیانە



دوای هەشت مانگ لە ژیانی هاوسەری، هەر یەکە لە مایلی سایرۆس و ویلیام هیمسورس بڕیاری جیابوونەوەیان دا، بێ ئەوەی هیچ منداڵێکیان هەبێت، بەڵام لە ئێستادا گرفتێك لە نێوانیاندا سەری هەڵداوە و پێدەچێت هەردووکیان پەلکێشی دادگا بکرێن، گرفتەکەش لە سەر مافی بەخێوکردنی ئاژەڵەماڵییەکانیانە، کە هەردووکیان داوای دەکەن. چەند ماڵپەڕێکی هونەری رایانگەیاند کە سایروس و ویلیام لە ماوەی ئەو هەشت مانگەی ژیانی هاوسەرییاندا چەند ئاژەڵێکی ماڵییان لە ماڵەوە بەخێو دەکرد، کە بریتی بوون لە ٨ سەگ و ٤ پشیلە و بەرازێك، دوای جیابوونەوەیان بە چەند کەسێکی نزیك خۆیان راگەیاندووە کە دەیانەوێ بە هاوبەشی بەخێویان بکەن، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیك لێیان رایگەیاند کە ئەم بابەتە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ و دوور نییە پەلکێشی دادگا بکرێن. سەرچاوەکە زیاتر وتی: مایلی پێیوایە کە گشت ئەو ئاژەڵانە موڵکی ئەون، ویلیامیش لەلایەن خۆیەوە دوو سەگی تەبەننی کردووە، بەڵام سایرۆس دەیەوێ کە گشت سەگەکان بەیەکەوە بەخێو بکرێن و نایەوێ بە هیچ شێوەیەك جیا بکرێنەوە. هەر سەبارەت بە جیابوونەوەیان سەرچاوە نزیکەکانیان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئەنجامی جیابوونەوەیان ویلیامی تەمەن ٢٩ ساڵ هەست بە خەم و ئازارێکی زۆر دەکات، لە بەرامبەردا پێدەچێت سایرۆس هەمان هەستی نەبێت و ئەو بابەتەی ئەو بەلایەوە گرنگە ئەوەیە کە چۆن بتوانێت مافی بە دەستهێنان و پەروەردە کردنی ئاژەڵەکانی وەربگرێت و جیابوونەوە بەلایەوە زۆر ئاساییە و تەنانەت لە ئێستادا بیریشی لێناکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە گەڕانەوەیان بۆ یەکتری زۆر زەحمەتە، ئەگەرچی دوور نییە ویلیام هەوڵیش بدات.

# ئەمیتاب ستایشی ئەستێرەکانی بۆڵیۆد دەکات


ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد ئەمیتاب باتشان رەخنەیەکی توندی لە میدیاکانی وڵاتەکەی گرت، بەوەی نادادپەروەرانە بەرامبەر بە ئەستێرەکانی بۆڵیۆد رەفتار دەکەن سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بەو لافاوانەی بەم دواییە هەرێمی (ماهاراشترا)ی هیندستانی گرتەوە و ژمارەیەك لە هاووڵاتیان بوون بە قوربانی و زیانی زۆری دوای خۆی جێهێشت.

ئەمیتاب پێیوایە کە بەشێکی زۆری ئەسێرەکانی بۆلیۆد بە ئەرکی نیشتمانی و مرۆڤانەی خۆیان هەستاون، بێ ئەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندن ئاماژەی پێ بکرێت و بێ ئەوەی دڵنیا بن هەڵمەتێکی نادادپەروەرانەیان دژی هونەرمەندەکان دەستپێکرد، گوایە بێدەنگ بوون و لەو رووداوانەدا هەڵوێستیان وەك پێویست نەبووە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی ئەستێرەکان بێدەنگ بوون بەرامبەر بەم کارەساتە، ئەمیتاب بە میدیاکانی راگەیاند: پێموایە بیر کردنەوە لەو کارە شتێکی باش و لەجێی خۆیدا نییە، بەتایبەتی لە ئێستادا، چونکە زۆر کەس هەن کاری خێرخوازی ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن، یان لە میدیاکاندا باسی بکەن.

لە میانەی وەرزی نوێی بەرنامەی Kaun Banega Crorepati” کە خۆی پێشکەشی دەکات ئەمیتاب وتی: کاتێك کەسێك بەرامبەرم رادەوەستێت، هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە لە بەرامبەریدا باس لەو کارانە بکەم کە ئەنجامم داون، بەڵام ئەو خەڵکەی گرنگی بەمە دەدەن، خۆیان دەزانن کێ ئەم کارانە ئەنجام دەدات.

شایەنی باسە بە هۆی لافاوەوە نزیکەی دووسەد هەزار کەسی ناوچەی ماهاراشترا ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن، کەبەهۆیەوە جگە لە وێران بوونی سەدان گوند و هەزاران خانووی هاووڵاتیانی ناوچەکە (٤٣) کەسیش گیانی لە دەستدا.



# کاتی بە دەستدرێژیکردنە سەر کوڕێک تاوانبارە



سەرەڕای گرفتە بەردەوامەکانی لە ماوەی رابردوودا، لە ئێستا (کاتی بیری) ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی تاوانبارە بە دەستدرێژی کردنە سەر جۆش کلوسی کە کورە مۆدێلێکە و لە کلیپی گۆرانی Teenage Dream لەگەڵیدا دەرکەوتووە.

بەپێی رۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی دوای کار کردنیان بۆ ماوەیەك بە یەکەوە لەو کلیپەدا، جۆش و کاتی ئامادەی ئاهەنگی لەدایکبوونی دیزاینەری ناسراو جۆنی جیك بوون لە ساڵی ٢٠١٢، کاتی ئاهەنگەکەی قۆزتەوە و لەبەردەم ئامادەبووان و هاوڕێی هەردووکیان دەستدرێژی کردە سەر جۆش.

لەم بارەوە جۆش دەڵێ: لە نێو ئامادەبواندا کاتی وەك هاوڕێیەك مامەڵەی لەگەڵدا نەکردم، بەڵکو وەك کۆیلەیەك بەرامبەر بە من رەفتاری کرد، دوای چاوپێکەوتنمان ئێمە زوو بە یەکەوە گونجاین، منیش زۆر پێوەی پەیوەست بووم، بەیەکەوە گۆرانیمان دەوت، سەرەتا زۆر بە نەرمی رەفتاری لەگەڵدا کردم، دواتر لەبەردەم گشت ئامادەبووان دووبارەی کردەوە و ئەم جارە گۆڕا و بەرامبەرم زۆر توند و سارد بوو، تەنانەت ماچ کردنی منی بە کارێکی قێزەوە وەسف کرد.

جۆش هەروەها دەڵێ: من زۆر جار هەستم بە شەرمەزاری دەکرد بەرامبەر بە رەفتار و هەڵسوکەوتی، بەڵام پێویستم بەو کارە هەبوو بۆ پەروەردە کردنی کچەکەم، بۆیە هەموو هەوڵێکمدا تاکو کارەکەم لە دەست نەدەم، بەڵام (کاتی) سنووری کار کردنی بەزاند، چونکە دوو رۆژ دوای کلیپەکە لە یانەیەکی شەوانەی سانتا باربارا منی بانگهێشت کرد، بەڵام رەتم کردەوە و گەڕامەوە هۆتێل بۆ ئەوەی بەیانی زوو لە خەو هەستم، چونکە نەمدەویست ئەو کارە لە دەست بدەم، دوای ماوەیەك لە وێنەگرتنی کلیپەکە کاتیم لە ئاهەنگی لە دایکبوونی جونی و جیك بینی، کە بینیم یەکترمان لە باوەش کرد، کاتێك سوڕامەوە بۆ ئەوەی بە هاوڕێکەمی بناسێنم لە ناکاو لەبەردەم دوو لە هاوڕێکانی پانتۆڵ و جلوبەرگی ناوەوەمی لەبەر داکەندم، ئەمەش مایەی شەرمەزاری و ئیهانە کردنم بوو.

جوش لە درێژەی قسەکانی دەڵێ: دەمەوێ بەو ئافرەتانە بڵێم کە پێیانوایە پیاو حەز لە دەسەڵات دەکەن، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر هەندێك ئافرەت دەسەڵاتیان بە دەست بێت، کۆمەڵگە بە لاڕێدا دەبەن.

# نیشتمان جێگای هەموو ماریا و هەڵۆكانی تێدا دەبێتەوە

ئەدەب و هونەر و نەخشسازی و فەلەكناسی و پیشەگەری و زانستەكان هەر لە كۆنی كۆنەوە هەبوون و لە تەنیشت ئایین و بیروباوەڕەكان كاری خۆیان كردووە، لە دێر و پەرستگا و كەنیسە و مزگەوتەكانیش زۆر لەوانە خوێندراون، یان باسوخواسیان دەربارە كراوە و خەڵكیان لەسەر پێگەیەندراوە، تەنانەت لە هەموو ئەو پەرستگا جۆراوجۆرانە هەتا ئەمڕۆش نەخش و نەخشسازی وەك هونەرێكی بەرزی بیناسازی بەكار هاتووە و گرنگیی پێدراوە، لەناو پەرستگاكان و لەناو پێشەوایانی ئایینی و باوەڕدارەكان، بە ئیسلامیشەوە گرنگیی زۆر بە ئەدەب و شیعر و پەخشان و چیرۆك و زۆر هونەری دیكە دراوە، لە بۆنە ئایینییەكاندا تەنانەت سروود و مۆسیقا و دەنگی خۆش، كۆڕەكەیان زیاتر جۆش داوە. دواتر ئەمانە بوونەتە بەشێك لە كولتوور و داب و كەلەپووری ئەو گەل و نەتەوانە لەسەر هەر ئایین و مەزهەبێك بووبن. لە تەنیش ئەمەشەوە، رێز و ئیلتیزامی تەواویان لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا بە ئایینەكەیان و ئادابەكانیەوە هەبووە، كە لەگەڵ بیروباوەڕی گشتی و ئادابی گشتیدا گونجابێ.

جا ئەمە لە سەردەمانێكدا بووبێ، كە پەیوەندییە روحییەكانی نێوان خەڵك و خودا و خەڵك و ئایینەكان لەوپەڕی بەهێزیدا بووە و دونیای مادی كەمتر كاریگەریی لەسەر كەسەكان هەبووە، هێشتا ئەو ژیانە ئەوەندە بەرتەسك نەبووە، كە هەموو جوانییەكان بەلاوە بنرێن و خەڵك لەجیاتی خوای گەورە حوكم بەسەر كەسانی دیكەدا بدات، تەنانەت ئەگەر غەیرە دین، یان هەڵگەڕاوەش بن، چ جای ئەوەی بەسەر كەسێك كە هاوئایینی سەردەمەكەی خۆی بێ، بەڵام تێگەیشتن و ئیلتزاماتی ئایینی وەك ئەو نەبێ.

لەم رۆژانەدا بەڕێزێك هەرایەكی لەسەر كلیپێكی نوێی خانمە هونەرمەندێك نایەوە و زۆر وشە و دەستەواژەی دوور لە ئادابی دینی و دوور لە ئادابی كۆمەڵایەتی و دوور لەو پێگەیەی ئەوی تیادایە، بازاڕیانە و دوور لە زمانی گفتوگۆ و رەخنە، كارە هونەریەكە و شێوازەكە و هونەرمەندەكەیشی دایە بەر نەشتەر، كە بەدوای ئەویشەوە باسوخواسەكە لە میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر تەشەنەی كرد و هەندێ كەسیش ویستیان ئەو دوو بەرەیە بخەنە سەنگەر لەیەك گرتن و یەكتر سڕینەوە. لەراستیدا هەردوو بەرەی ئایین و هونەر رۆڵ و پێگەی دیار و شایستەیان لەناو كۆمەڵگەدا هەیە و هەر بەرەیەكیش پەیڕەوكاری خۆی



**فەرهەنگ غەفوور**

هەیە و پەیڕەوکار و هۆگریش زۆرن، کە سەر بە هەردوو بەرەکە بن، خەڵکێکی ئێجگار زۆری کورد کە موسڵمانن، پابەندن بە سرووت و بەرنامەی ئایین و لە هەمان کاتیشدا هۆگر و هەواداری ئەدەب و شیعر و هونەر و بیناسازی و زانست و تەواوی لایەنەکانی ژیانن، بەم شێوەیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵك پارێزراو و تۆکمە و تەواکەری یەکتر بووە.

بەڵام کاتێك لێرە و لەوێ، یەك دووانێك لەم بەرە، یان لەو بەرە، خۆیان بە نوێنەری راستەقینە بزانن و ئەوانی دیکەی بەرامبەریان بسڕنەوە و قبوڵی نەکەن، ئەوا ژیان پڕ دەبێ لە بوغز و رق و قین. بۆیە ناکرێ هەر کەسە و لە راست خۆیەوە سنووری ئەوانی دیکە ببەزێنێ و تەشهیریان پێ بکا. چ جای پیاوی ئایینی، کە دەبێ بە جوانترین زمان و پاکترین وشە و دەربڕین ئاخاوتن بکا و ئەگەر شتێکیشی هەست پێکرد پێچەوانەی باوەڕەکەیەتی، بە زمانی سەردەم و بە گفتوگۆ و رەخنە دەریببڕێ، یان ئەگەر دیتی کاریگەریی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگە و پیرۆزییەکانی هەیە، پەنا بۆ یاسا ببات، نەك بە ئارەزووی خۆی و بە زمانی زبر هەڕەشە و تەشهیر بە بەرامبەرەکانی بکات. کاتێکیش هەستی کرد کە ئەوەی کردوویە و دەیکا هەڵەیە، بوێریی ئەوەی هەبێ کە داوای لێبوردن بکات، وەك ئەوەی ئەو بەڕێزە دوای تەشهیر و زمانی زبر، دوای لێبوردنەکەی کردووە، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام دەبێ لە هەموو بوارێکدا ئازدییەکان نەشکێندرێن و سنووریان بپارێزرێ، کوردیش لە هەموو بوارەکان، بە تایبەت لە ئادابی ئایین و ئادابی کۆمەڵاتی و لە هونەریشدا زۆر لە خەڵکی دیکە پەرێزی پاکتر و لێوەشاوەترە و تا ئێستا بەریەککەوتنێکی وا لەو نێوانەدا لەناو کورد رووینەداوە، کە جێی باس بێت. بەڵام بۆ ئەوەی هەموو لایەك پارێزراو و تەواکەری یەکتر بین، پێویستە یاسا سەروەر بێ و هەمووشمان لە هەر گرفت و بەرپەرچدانەوەکدا پەنا ببەینە بەر یاسا، بۆ ئەوەی رێگری بکرێ لە هەموو ئەوانەی بە هەر ناوێکەوە بێت خۆیان لە ورد و درشتی خەڵك و کۆمەڵگە هەڵبقورتێنن و لە کۆتاییشدا بە زەرەری ژیانی ئارام و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و بە قازانجی نەیارانی کورد و کوردستان تەواو ببێت. با هەموومان یەکتر قبووڵ بکەین و پێکەوەش ژیان جوانتر و مانادارتر بکەین، نەك یەکتر بسڕینەوە.